# چاوەڕوانی دوو بڕیاری گرنگی پەڕلەمانم

## هاوڕێ باخەوان

وابزانم من یەکێکم لەو نووسەرە کەمانەی کە تاوەکو ئێستا نامەی کراوەم بۆ هیچ کەسێك و لایەنێك نەنووسیوە. ئەگەرچی هەندێك جاریش ویستوومە کارێکی واهی بکەم, بەلام خێرا پەژیوان بوومەتەوە, لەبەرئەوەی زانیومە ئەوەی بۆی دەنووسم یان رووی دەممی تێدەکەم, یان زۆر پڕکارە ! یان چاوی خۆی بە پەڕە شڕەوە ماندوو ناکات! . واتە نووسین و نەنووسینی وەك یەك وابووە و وایە.

بەلام ئەم جارەیان ئەو رچەیە دەشکێنم و کورت و کرمانجی بە پەڕلەمانی باشووری کوردستان دەلێم: "پێویستە دوو بڕیار بۆ قەدەغەکردنی هەردوو تاقمی بەکرێگیراوی بزووتنەوەی ئیسلامی و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراقی دەربکەن", خۆ ئەگەر بەزۆرینەی دەنگیش بێت ئەوە هەر زۆر باشتر, ئەویش بەهۆی ئەم خالانەی خوارەوە:

- هەردوو دەستەی بەکرێگیراو دوو رووی ناشرینی دراوێکن و دوو ناوی جوودایان هەیە بۆ یەك بیر, ئەو بیرەش بیری دژایەتیی هەموو شتێکی کوردییە.
- تیرۆریست بەلای بزووتنەوەوە موسولمانی راستەقینەن و بەلای "حككع"یشەوە نیشتمانین.
- کەرکوك بەلای بزووتنەوەوە شاری موسولمانانە و بەلای دیوە قەلبەکەوە هی ئێراقییەکانە.
- کوردایەتی لەلای حككع, نەتەوەپەرستی و رەگەزپەرستی و زۆر شتی ناشرینی ترە کە مەگەر هەر لە فەرهەنگی خۆیاندا ببێت و بەلای دیوە قەلبەکەی ترەوە, زۆر گرنگ نییە ئێمە کورد بین, بەلکو هەمووماں نەتەوەی موسولمانین! .
- تیرۆر بەلای بزووتنەوەوە جیهادە و بیرمان نەچووەتەوە کە چۆن چەکدارەکانیان گوێی کوژراوی یەکێتییان دەبڕی و بەوانەشی لە هەولێر خۆیان تەقاندەوە دەلێن برا و زۆر کاری تر. بەلای دیوە قەلبەکەی ترەوە کە حككعە هەر ئاو خواردنەوەیە و خوا بەو رۆژە نەکات گەر دەستیان بڕوات ئەوی بلێت من کوردم لە سەددام خراپتر ئەنفالی دەکات و لە "لینین و ستالین" تیرۆریستتر دەردەچن.
- هەردوو دیوە قەلبەکە بەردەوامن لە دژایەتی و تێکدانی زمانی کوردی و تا بۆیان بکرێت بە زمانە بێگانەکانی عەرەبی و فارسی ئاخاوتن دەکەن و هەرچییەکیش بخەنە سەر کاغەز بە ئەنقەست بە کوردییەکی واهی دەنووسن کە کورد لە پەنجاکانی سەدەی رابردووشدا واهی نەینووسیوە.
- هەردوولا بەپیلانی بێگانە خەریکی تێکدانی ریزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتین و دژی هەر یەکڕیزییەکی کوردن. چونکە بازاڕی ئەمان لە دووبەرەکیی ریزەکانی کوردایە.

زۆری تر و بەهیوای کارکردنتانم بۆ ئەو دوو بڕیارە... دلنیابن زۆرینەی خەلکی پالپشتتانە...

2004-05-10

hawreh@bakhawan.com
http://www.bakhawan.com